# چما ئەم وڵاتە بە دەست نوێژانە لە ئەفریقای باشووریش بەخت رەش ترن ؟



## سەباحت تاهیر

( جاكۆب زۆما) كەلە خەبات گێڕو یەكە پیاوی حزب ووڵاتی ئەفریقای باشوور , شوكر لە دادگا بیٚ تاوان دەرچوو , سەبارەت بەو تاوانەی درابووە پاڵی . ئەم خانمەی كە بە شكاتەكەی (جاكۆب)ی خەباتگێرو بە شان و شەوكەتی برد بووە دادگا ,گووتبووی ( زۆما لە ماڵەكەی خۆیدا بە زۆر دەست درێژی سێكسی كردۆتە سەرم) . نە خانمە كە, نە(جاكۆب), نە هەواڵەكان, باس لەوە ناكەن ئاخۆ ئەم ژنە بۆچ كارێكی رەسمی پەرلەمانی ! وەزاری یان خێزانی ئەم سەردانە قدوم رەشەی بۆ ماڵەكەی (جاكۆب) كردووە ؟؟

كەسیش ناڵیٚ بۆ ؟

منیش تا چاو عەقلٚ برِ بكات لە (جاكۆب) و (خانمە)حەیا بەرەكەی دوورم , سەری خۆم بۆ دۆزینەوەی ئەم هۆیانە ناهێشێنم ! راستی یان بوختان هەڵبەستن بۆ ئەم تومەتە كاری من نییە ., بەلاٚم گەر دیقەت بدەیتە ئەم كێشەییە بە پیٚوانەی ( بیٚ پیٚوانەیی) هەڵیسەنگێنین

بە دەست خۆت نییە( جاكۆب )ت زۆر بە بەستەزمان دیٚتە بەر چاو ان, باشە گەر ئەم كەڵە پیاوە لەم دەڤەرە بە شەرم و حورمەتانە سەركردەبووابیە ,چ ژنەتیویٚك ئەو حورمەتەی هەییە تا حورمەتی كەلە پیاویٚكی وا مەزن بباتە دادگا؟

باشە بە گویٚرەی ئەم پیٚوانەییە بیٚ پیٚوانەییە ش بیٚ , ئەم ژنە حەیا بەرو دەم درێژە زۆر بەختەوەرە بەوەی كە خۆی و حەوت پشتی بە گوڵلەی چەتەكانی (جاكۆب) جەستەیان نەكراوە بە بیٚژینگ !

خۆراستە جاكۆب لە دادگا بیٚ تاوان دەرچوو , بەلاٚم ئەم تومەتە ناوی ئەم سەركردەییەو حزبەكەی زراند و بەم زوانەش جاكۆب بە تومەتی گەندەڵی دەبرێتەوە دادگا , یەكێك لای خۆمان ئەم هەواڵەی خوێندبووەوە و گووتبووی (ئەیە رۆ قوورِ بە سەرم چما ئەو ولاٚتە بە دەست نویٚژانە لە ئەفریقای باشووریش بەخت رەش ترن؟